# شەفاعەت لە ڕۆژی دواییدا

الشفاعة يوم القيامة

< كوردی - كردي - kurdish >

ئەیاد أحمد حمد

إياد أحمد حمد

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز و ئومێد عومەر چرۆستانی

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز وأوميد عمر علي

# شەفاعەت لە ڕۆژی دواییدا

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار وياوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

لە پۆستێکی رابردوو بەبەڵگەی قورئانی روونمان کردەوە کە قورئان ئاماژەی تیایە بۆ ئەوەی دەکرێ کەسێك لە ئاگری جەهەننەم بێتە دەرەوە ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێ و ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی موسڵمانی گوناهبار نەمر نابێ لە جەهەننەم، وە بەڵێنماندا کە لە پۆستێکی سەربەخۆدا باسی شەفاعەت بکەین وەك هۆکارێك بۆ دەرچوونی موسڵمانانێکی گوناهبار لە جەهەننەم.

جا ئایا لە رۆژی دواییدا شەفاعەت هەیە؟ ئایا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و غەیری ئەویش شەفاعەت دەکەن لەو رۆژەداو رێیا پێ دەدرێ؟

موعتەزیلەی سەردەم و بەناو قورئانیەکان و نەیارانی فەرموودە هەروەکو خەواریج و موعتەزیلەی کۆن رەتی دەکەنەوە کە شەفاعەت هەبێ و هەموو ئەو فەرموودانەش بەدرۆ دەخەنەوە کە باسی شەفاعەت دەکاو، نمونەی ئەو ئایەتانە دەکەنە بەڵگە بۆ بۆچوونەکەیان:

﴿وَاتَّقُوا يَوْمًا لَّا تَجْزِي نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْئًا وَلَا يُقْبَلُ مِنْهَا شَفَاعَةٌ وَلَا يُؤْخَذُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ﴾ [ البقرة : 48 ]، واتا : خۆتان بپارێزن لەڕۆژێک کە کەس هیچ سودێک بەکەس ناگەیەنێ وە هیچ تکایەکی بۆ گیرا ناکرێ وە بارمتەی لێ وەرناگیرێ وە ئەمانە هیچ یارمەتیی نادرێن .

هەروەها فەرمودەی خوای گەورە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنفِقُوا مِمَّا رَزَقْنَاكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ يَوْمٌ لَّا بَيْعٌ فِيهِ وَلَا خُلَّةٌ وَلَا شَفَاعَةٌ ۗ وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ [ البقرة: 254] ، ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لەماڵ و سامان ودارایی و (عیلم و زانست و توانابیە)ی کە پێمان بەخشیوون؛ ببەخشن، پێش ئەوەی ڕۆژێک بێت کە کڕین و فرۆشتن ودۆستایەتی و تکاکاری تیادانیە، (ئەو ڕۆژە) بێ باوەڕان هەر خۆیان لە ڕیزی ستەمکاراندان.

ئەوان دەڵێن: لە ئایەتی یەکەمدا ڕەتی دەکاتەوە هیچ نەفسێك شەفاعەتی لێ وەربگیرێت و لە هی دووەمیاندا دووپاتی دەکاتەوە کە لە ڕۆژی دواییدا شەفاعەت کردن نیە.

بەڵێ ڕاستە ئەو ئایەتانەمان هەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەو ئایەتانەی خوارەوەشمان هەیە:

﴿ مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِندَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ ﴾ [ البقرة: 255]، واتا : کێ یە ئەو کەسەی (دەتوانێت) تکا بکات لە لای ئەو، بەبێ مۆڵەتی خۆی .

﴿ مَا مِن شَفِيعٍ إِلَّا مِن بَعْدِ إِذْنِهِ ﴾ [ يونس: 3 ]، واتا : هیچ کەس نیە شەفاعەتخواز و تکا کار بێت، مەگەر دوای مۆڵەتی ئەو زاتە نەنبێت .

﴿ لَّا يَمْلِكُونَ الشَّفَاعَةَ إِلَّا مَنِ اتَّخَذَ عِندَ الرَّحْمَٰنِ عَهْدًا﴾ [ مريم: 87 ]، واتا : ئەوانە خاوەنی تکا نین و کەس تکایان بۆ ناکات، مەگەر ئەو کەسەی کە لەکاتی خۆیدا خوای میهرەبان بەڵێنی پێداوە کە تکا بکات یان تکای بۆ بکرێت .

﴿ يَوْمَئِذٍ يَتَّبِعُونَ الدَّاعِيَ لَا عِوَجَ لَهُ وَخَشَعَتِ الْأَصْوَاتُ لِلرَّحْمَٰنِ فَلَا تَسْمَعُ إِلَّا هَمْسًا * يَوْمَئِذٍ لَّا تَنفَعُ الشَّفَاعَةُ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ الرَّحْمَٰنُ وَرَضِيَ لَهُ قَوْلًا﴾ [ طه: 108 - 109]، واتا : لەو ڕۆژەدا هەموو خەڵکی شوێنی جارِدەری کۆکردنەوە دەکەون، هیچ سەرپێچی و لاریەک ناکرێت، هەموو دەنگەکان لەبەر پەروەردگاری میهرەبان نزمن و بەهێواشی دەدوێن، تەنها چپە و سرتەیەکی کەم نەبێت هیچی تر نابیستیت * لەو ڕۆژەدا تکاو شەفاعەت وەرناگیرێت و بێ سوودە، مەگەر لە کەسێک خوای میهرەبان مۆڵەتی بدات و ڕازی بێت بەوەی قسەی بۆ بکرێت و قسەی لێ وەربگرێت .

﴿ وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَٰنُ وَلَدًا * سُبْحَانَهُ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ ۞ لَا يَسْبِقُونَهُ بِالْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِ يَعْمَلُونَ * يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَىٰ وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِ مُشْفِقُونَ ﴾ [الأنبياء: 26 – 28 ]، واتا :بێبڕوایان وتیان: خوای بەخشندە فریشتەکانی کردووە بە منداڵ وکچی خۆی !! نەخێر، ئەوانە منداڵی خوا نین، بەڵکو کۆمەڵە بەندەیەکی ڕێزداری ئەون و، خوا خۆی هەڵی بژاردوون و، زۆریش پاك و بێخەوشن * هەرگیز ئەو فریشتانە قسەی خۆیان پێشی قسەی ئەو ناخەن، واتە: شتێك ناڵێن لەگەڵ فەرمایشتی خوادا دژبێو نەگونجێت وهەر بەپێی فەرمانی ئەو کار ئەکەن * خوا بە هەموو ئەحواڵ و ئەعمالیان دەزانێ ، چ ئەحواڵ و ئەعمالی پێشیان ، چ ئەحواڵ وئەعمالی پاشیان* خوا دەزانێ بە بەروو دوایان لەدوا

ڕۆژیشدا تکاو شەفاعەت ناکەن، مەگەر بۆ کەسێك خوا خۆی خۆشنوودو رازی بێ لێی و، خاوەن بڕواو موسڵمان بێ، لە زۆر ترسی خواو گەورەیی ، هەردەم دەلەرزن و ناوێرن سەرپێچی لێ بکەن

﴿ وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِي السَّمَاوَاتِ لَا تُغْنِي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا إِلَّا مِن بَعْدِ أَن يَأْذَنَ اللَّهُ لِمَن يَشَاءُ وَيَرْضَىٰ ﴾ [ النجم: 26 ]، واتا : زۆر فریشتەش لەئاسمانەکاندا هەن کەتکاو پاڕانەوەیان ناکام و بێ سوودە، مەگەر خوا مۆڵەت بدات بۆ هەرکەسێک کەشایستەیە و ڕازی بێت کەتا بکات، یان تکای بۆ بکرێت .

ئایا ئێوەی بەناو ناقورئانیەکان چاوتان بەو ئایەتانە کەوتووە؟! ئەگەر چاوتان پێ نەکەوتووە ئەوا چیتر بانگەشەی قورئانی بوون و شوێنکەوتنی قورئان مەکەن، ئەگەر چاویشتان پێ کەوتووە ئەوا لە ئاست ئەو ئایەتانە یا خۆتان لە خەت داوە یا لێی تێنگەیشتوون یا تەئویل و تەحریفی ماناکانی دەکەن، ئەوسا هەم دیسان بانگەشەی شوێنکەوتنی قورئان مەکەن.

لەهەموو ئایەتەکاندا ئیستسناء هەیە لەمەسەلەی شەفاعەت، لە یەکەم و دووەمیاندا خوای گەورە دەفەرموێ کە کەس ناتوانێ لەو ڕۆژەدا شەفاعەت بکا مەگەر خوا ئیزنی لەسەر بێ، کەواتە مەفهومی پێچەوانە ئەوەیە کە کەسانێك هەن خوا ئیزنیان پێ دەدا بۆ شەفاعەت کردن.

لە ئایەتی سێیەمدا دووپاتی دەکاتەوە کە کەس شەفاعەتی بەدەستەوە نیە لەو ڕۆژەدا مەگەر عەهدو پەیمانێکی هەبێ لەگەڵ خوا، کەواتە دووبارە مەفهومی پێچەوانە ئەوەیە کەسانێك عەهدو پەیمانی ئیمان و گوێڕایەڵی خوایان هەبێ دەتوانن شەفاعەت بکەن، جا ئەگەر سەروەرو خۆشەویستمان محمد (درودی خوای لەسەر) لەو ڕۆژەدا پەیمانی نەبێ کێ هەیەتی؟

لە ئایەتی چوارەمدا بەهەمان شێوە شەفاعەت دەبەستێتەوە بە ئیزنی خواو بەوەی خوا رازی بێ کە قسە بکا.

لە ئایەتی پێنجەم و شەشەم باسی شەفاعەتی فریشتەکان دەکا کە تەنها بۆ ئەو کەسانە شەفاعەت دەکەن خوا پێی رازیەو تەنها ئەوانە شەفاعەت دەکەن کە خوا ئیزنیان پێدەدا.

کەواتە ئەو ئایەتانە دەیسەلمێنی شەفاعەت بوونی هەیە لە ڕۆژی دواییدا بەڵام مەرجدارە بە ئیزنی خواو بەو کەسەی خوا رازیە شەفاعەتی بۆ بکرێ.

بەڵام ئیسپاتکردنی شەفاعەت لە ڕۆژی دواییدا مانای ئەوە نیە مرۆڤی موسڵمان لێی پاڵ بکەوێ و کار نەکاو بەتەمای شەفاعەت بێ کە بچێتە بەهەشت، بەڵکو دەبێ خۆی هەوڵ بداو کاری چاك بکا تا پاداشتی ئەو ڕۆژە بەدەست بهێنێ.

IslamHouse.com